دەم پارتی سەرکایەتی شارەوانی ناوچەیەکی تری باکووری کوردستان ڕاگەیاند دوای دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن

بەگوێرەی ئەنجامە نافەرمییەکان، پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (دەم پارتی) لە ناوچەی جورنەش لە پارێزگای ڕحا لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنی خۆجێی دووبارەبووەوەدا سەرکەوتوو بووە.

هاوکات لەبەردەم بینای دەم پارتی لە جورنەش هەزاران کەس کەبوونەوەو سەرکەوتنی دەم پارتی بە زەرینەی دەنگ و بردنەوەی پۆستی سەرکایەتی شارەوانیان ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی (31ـی ئاداری 2024)، دەنگدەرە تورکەکان گەورەترین گورزیان لە سەرکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و حیزبەکەی دا لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی سەرتاسەری وڵاتەکەدا کە ئۆپۆزسیۆنیان وەک هێزێکی سیاسی یەکەم هەڵبژارد و پێگەی سەرکی شارەوانی ئیستەنبوڵی وەک ڕکابەری سەرکی سەرەک کەمار چەسپاند.

ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو بە زەرینەی دەنگەکان، بە ڕێژەی 10% لە نزیکترین ڕکابەر لە پێشبڕکێی سەرکایەتی شارەوانی ئیستەنبوڵ کە گەورەترین شاری تورکیایە بردەوە، لە کاتێکدا پارتی گەلی کەماری 15 کورسی دیکەی بە شارەوانییەکانی سەرانسەری وڵات لەبەرامبەر هەڵبژاردنی پێشوو بەدەستهێنا.

ئەمە خراپترین شکست بوو بە ئەردۆغان و پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) لە ماوەی 20 ساڵی گرتنی دەسەڵاتدا، هەروەها ئەردۆغان سەرکی تورکیا لەبارەی کەمبوونەوەی دەنگی حزبەکەی ئەمەی بە "خاڵی

وەرچەرخان" ناوبرد.

لە کاتێکدا لەم هەڵبژاردنە دەم پارتی بە بردنەوەی پێستی 10 سەرکایەتی شارەوانی گەورەی شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا لەگەڵ دەیان شارەوانی ناوچەکانی باکووری کوردستان سەرکەوتنی ڕاگەیاند.